# راکردن بەدوای گورگەکاندا




**نووسینی: حسەین کەنانی**
**و: ئاری محەمەد**

پاش ڕۆمانە پڕ لە مشتومڕەکەی، بەناونیشانی (چراکانی ئۆرشەلیم)، عەلی بەدر- ی ڕۆماننووسی ناوداری عێراق، ئەمساڵ لە هەوڵێکی تری داهێناندا، ڕۆمانێکی دیکەی ئیشکالییەت ئامێزو مشتومڕ هەڵگری نوێی بەناونیشانی (ڕاکردن بەدوای گورگەکاندا) لەلایەن (المؤسسه العربیه للداراسات و النشر، سنه ٢٠٠٧) ەوە بە چاپ گەیاند. ئەم ڕۆمانە باس لەو گروپە شیوعییە عێراقییە دەکات کە لە کۆتایی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودوا لە ئاکامی سەرکوتکردنی ڕژێمەکەی سەدام حسەین- ەوە بەرەو ئەفریقاو بە دیاریکراویش بەرەو وڵاتی (ئەسیوبیا) هەڵهاتن، تاکو پەیوەندی بەو سوپا ئەنتەرناسیۆنالیزمەوە بکەن، کە ئەفسەری لاوی ئەسیوبی (مەگنستۆ هیلا مریام) لە ئەدیس ئەبابای پایتەخت دایمەزراند، دیارە بەشێکی گرنگی ڕووداوەکانی ئەم ڕۆمانە، لەم شارەدا ڕوودەدەن پاش ئەوەی پاڵەوانی سەرەکی ڕۆمانەکە، وەک ڕۆژنامەنووسێکی ناودار بە مەبەستی بەدەستهێنانی زانیاری دەربارەی ئەو گروپە شیوعییە هەڵهاتووەی عێراق، سەردانی شاری ئەدیس ئەبابا دەکات.

ڕۆحی کۆمیدیای ڕەشبینو گیانی گاڵتەجاڕی فەلسەفیو سوریالی، یەکجار زاڵە بەسەر ڕۆحی (عەلی بەدر) و شێوازی نووسینیدا، بەڵام ئەم ڕۆماننووسە توانای ڕاڤەکردنی ووردو تێڕوانینی قوڵو توانای لەسەر بەرهەمهێنانو هەڵسەنگاندن هەیە، ئەم حاڵەتەش لە ڕۆمانە سەرەتاییەکانیدا، واتە هەر لە یەکەمین ڕۆمانییەوە، بەناونیشانی (بابا سارتەر) بە ئاشکرا بەدیدەکرێت. ڕووداوەکانی ئەم ڕۆمانەشی (ڕاکردن بەدوای گورگەکاندا) ڕاستەوخۆ لە شاری نیویۆرکو لە دوای داڕمانی ڕژێمی بەعسەوە دەستپێدەکەن، لە کاتێکدا کە میدیایەکی بەناوبانگی بیانی لە ئەمریکا، یەکێک لە پەیامنێرەکانی کە کاراکتەری سەرەکی ڕۆمانەکەیەو پیاوێکی بە ڕەگەز عێراقییەو نزیکەی بیست ساڵ لە ئەمریکا دەژیو خاوەنی ڕەگەزنامەی ئەمریکییە، بۆ نووسینی ڕیپۆرتاژێکی درێژ ڕادەسپێرێت، دەربارەی ئەو کۆمەڵە شیوعییە عێراقییەی کە لە کۆتایی حەفتاکاندا بەرەو ئەفریقیا هەڵهاتوون.

ئەم کاراکتەرە لە تەمەنی بیست ساڵیدا چووەتە ئەمریکاو پاشان لە شاری نیویۆرک لەگەڵ کچێکی ئەمریکاییدا خێزانی پێکەوەناوەو خاوەنی کوڕو کچێکیشەو بە نهێنی خێزانەکەشییەوە، عاشقی کچە پۆلۆنییەکی پەنابەر بەناوی (فیرسۆلیا) دەبێت. لێرەوە کاراکتەری سەرەکی ڕۆمانەکە لەنێوان ئەم دوو چەشنە ژیانە واقیعیو فیکرییە ناکۆک بەیەکەی خۆیدا، تێکەڵاوییەکی سەیر دروست دەکات لە ڕۆمانەکەدا، واتە ڕۆماننووس زۆر بە وردی لە ڕۆمانەکەیدا وێنەی ناکۆکییە ناوەکییەکانی ڕێڕەوی ژیانی ئاشکرای ئەم کاراکتەرە لەگەڵ خێزانەکەیدا لەلایەکو ڕێڕەوی ژیانی نهێنی لەگەڵ عەشیقە پۆلۆنییەکەیدا لەلایەکی ترەوە دەکێشێت، لەلایەکی دیکەوە خوێنەر ئاشنای وردەکاری ڕێڕەوی بیرکردنەوەی ناکۆکو دژبەیەکی ئەم ڕۆژنامەنووسە دەبێت.

دواجار ئەم کاراکتەرە لە ڕێگای ئەو زنجیرە چاوپێکەوتنانەدا کە لەگەڵ شۆڕشگێڕە عێراقییە خانەنشینەکانی نیشتەجێی ئەورووپاو ئەمریکادا سازیان دەدات، هەروەها لە ڕێگای ئەو زانیارییو بەڵگەنامانەوە کە لە عێراقو پاش شکستی ڕژێمی بەعس دەستی کەوتوون.

دیارە هەر لەم ڕۆمانەدا ئاشنای نهێنییو خەوشەکانی کاری ئەستەمو تاقەت پڕوکێنی خەباتی نهێنییو دەستگیرکردنی شیوعییەکان دەبین لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە، هەڵبەت عەلی بەدر، لە گێڕانەوەی ڕووداوەکانی ئەو سەردەمەدا، هەرگیز تێڕوانینی ئایدیالو سۆزئامێز زاڵنەبووە بەسەر بەرهەمەکەیدا، چونکە نووسەر هەرگیز وەک شۆڕشێکی ئایدیالو نموونەیی باس لە شۆڕشی عێراقی بە گشتییو شۆڕشی چەپەکانی عێراق بەتایبەتی ناکات.

پاش کۆکردنەوەی بڕێکی زۆری هەواڵو زانیاریو بەڵگەنامە لەسەر شۆڕشگێڕە شیوعییە هەڵهاتووەکان، کاراکتەری سەرەکی ڕۆمانەکە بۆ زیاتر ئاشنابوون بە کەسیەتییە بەناوبانگو گرنگەکانی ناو ئەم گروپە، ڕوو دەکاتە وڵاتی ئەسیوبیا، بەڵام گەشتی ڕۆژنامەنووسەکە بۆ ئەم کیشوەرە گەشتێکی ناڕەحەتە، چونکە لەلایەک بەدەست گەڕانو دۆزینەوەی شیوعییە عێراقییە هەڵهاتووەکاندا هەست بە ناڕەحەتی دەکاتو لەلایەکی تریشەوە دەکەوێتە ناو بەربەستو گەماڕۆی دوو ڕۆژنامەنووسی ناوچەکەوە، کە لە شاری (ئەدیس ئەبابا)ی پایتەخت سەرقاڵی کارنو هەر ئەوانیش ئەفریقای زەمەنو سەردەمی داڕمانی شۆڕشو بەهاکانی پێ دەناسێنن. لەم بەشەی ڕۆمانەکەشدا نووسەر دەستەواژەو ئایدیای (پاش شۆڕش) دەخاتەڕوو، کە ئەویش بریتییە لە سەرهەڵدانی بیری ڕەخنەگرانە لە شۆڕش، لە سەردەمی پاش تێکشکانی شۆڕشو بەهاکانیدا. بە مانایەکی دیکە دەستەواژەو بیرۆکەی پاش شۆڕش، بە واتای تووشبوون دێت بە نەخۆشی گومانکردنی بەردەوامو هەمیشەیی، لەبەرئەوەی ئەم نەخۆشییە بە ناچاری بۆ شۆڕشگێڕانیش پێویستە، واتە هەرکاتێک کەسێک دەبێتە شۆڕشگێڕ بۆ ئەوەیە کە دووچاری ئەم ڤایرۆسە ببێت، ڤایرۆسێک هەمووان لە دژت پیلان دەگێڕن!

لێرەوە لە دیدی نووسەری ڕۆمانەکەدا، شۆڕشی هەمیشەییو بەردەوام، بە مانای درێژەدان دێت بە تاوان بە ناشیرینترین شێوازو بە بەردەوامی. گێڕەرەوەی ڕۆمانەکە، گەلێک دەوڵەتی وێناکردووە کە لە حاڵەتو شێوازی کارەساتباری شۆڕشی هەمیشەییدا دەژین، ئەم شۆڕشە (شۆڕشی هەمیشەیی) بۆ ئەوە سەرهەڵنادات تاکو بارودۆخی پێش خۆی چاکتربکات، بەڵکو بۆ ئەوە لەدایکدەبێت تاکو ئەو بارودۆخە خراپترو نالەبارتر بکات، چونکە ئەم جۆرە شۆڕشە بەردەوام کۆمەڵێک دیکتاتۆر پێی هەستاون، یاخود کۆمەڵیچک سەرکردەی شۆڕشگێڕ پێی هەستاون کە لە هەناوی خۆیاندا تۆوی ستەمکاریو دیکتاتۆریان هەڵگرتووە، بەجۆرێک کە بەردەوام توانیویانە بارودۆخی سەردەمی کۆلۆنیالیزم بگۆڕن یاخود بگوازنەوە بۆ هەلومەرجێکی نالەبارترو خراپتر، دواتریش ناکۆکییەکان سەریانهەڵداوەو بوونەتە مایەی لەناوبردنی شۆڕش، بەڵام بە تێڕوانینی نووسەری ئەم ڕۆمانە بارودۆخەکە لەم ئاراستەیەدا ڕانەوەستاوە، بەڵکو ئەوەتا وڵاتێکی وەک عێراقو هاوشێوەکانی (لوبنان، فەلەستین... هتد) موبتەلای دەردی ئاژاوەگێڕیو جەنگی ناوخۆبوون. لە کۆتایی ڕۆمانەکەشدا، هەردوو ڕۆژنامەنووسە ئەفریقییەکە خۆیان لە پاڵەوانی سەرەکی ڕۆمانەکە نزیکدەکەنەوە دەبنە هاوڕێی شەوو ڕۆژی، بەڵام ئەم دوو ڕۆژنامەنووسە هەموو زانیارییەک دەربارەی گروپی شیوعییە هەڵهاتووەکان لە پاڵەوانی ڕۆمانەکە دەشارنەوەو هەروەها ڕێگەش نادەن ئەم ڕۆژنامەنووسە بە ڕەچەڵەک عێراقییە، چاوی بە کەسایەتییەکانی ناو ئەو گروپە بکەوێت، بەڵام دواجار پاڵەوان بە ڕێکەوت یەکێک لەو شیوعییە هەڵهاتووانە دەبینێت لە ئوتێلێکی شاری (ئەدیس ئەبابا) کە ناوی (جەمال وەحید)ە، سەرەتا ڕۆژنامەنووسە عێراقییەکە بە هەڵە ئاشنای ژیانی (جەمال) دەبێت، چونکە (جەمال) ژیانی ڕابردووی خۆیو تەنانەت ژیانی واقیعی ئێستای لە شاری (ئەدیس ئەبابا) بە هەڵە بۆ کاراکتەری سەرەکی دەگێڕێتەوە، سەرەتا خۆی وەک پاڵەوانی ناو زیندانی بەعسییەکان وەسف دەکات، کە لە ماوەی سێ مانگدا دووچاری توندترینو دڕندەترین سزا بووەتەوەو دواتر ئازادکراوەو ڕووی لە یەکێتیی سۆڤییەتی جاران کردووە، لەوێش بەهۆی ڕاپۆرتی شیوعییە عێراقییەکانەوە کە بە دەسەڵاتدارانی ئەو کاتەی سۆڤییەت دەڵێن، (جەمال وەحید) هەنووکەش لە سۆڤییەت سیخوڕیی بۆ بەعس دەکات، لە یەکێتیی سۆڤییەت دەردەکرێتو ئەویش بەرەو (ئەدیس ئەبابا) هەڵدێتو هەنووکەش لەو شارەدا لەگەڵ ڕێکخراوی پاراستنی ئاژەڵە کێوییەکان بەتایبەتیش پاراستنی گورگەکاندا سەرقاڵی کارکردنە، بەڵام دواجار بەرەبەرە پاڵەوانی سەرەکی ڕۆمانەکە وردە وردە ئاشنای گرێ کوێرەی ژیانی هەنووکەو ڕابردووی (جەمال وەحید) دەبێت. ئەو کاتەی کە (جەمال) پەردە لەسەر ڕاستی ژیانی خۆی لا دەباتو ڕایدەگەیەنێت کە ڕزگارکردنی ئەو لەلایەن بەعسییەکانەوە، بەهۆی ئیعترافکردنییەوە بوو لەسەر ناوی هاوڕێ شیوعییەکانی، هەروەها (جەمال) لە دوا شەویشدا دان بەوەدا دەنێت کە ئەو ئێستا لە ڕێکخراوی ئەورووپی بۆ پاراستنی ژیانی ئاژەڵە کێوییەکان کار ناکات، بەڵکو کاری ڕاوکردنو کوشتنی گورگەکانە لە ئەفریقا، بە مەبەستی فرۆشتنی پێستەکانیان، هەڵبەت لە هەردوو چەشنەکەی گێڕانەوەی ژیانی ئەم کەسایەتییە شیوعییەدا، خوێنەر تێدەگات کە (جەمال وەحید) تا هەنووکەش لەناو هاوڕێ شیوعییەکانی ڕابردوویدا، وەک نۆکەرو سیخوڕی بێگانە تەماشا دەکرێت، باجی ئەم تاوانە گەورەیەش کە دراوەتە پاڵ ئەم کاراکتەرە گومانی هەمیشەیی هاوڕێ شیوعییەکانییەتی، بەپاساوی ئەوەی کە لە ڕابردوودا نەیتوانیوە بەرگەی سزادانی بێوێنەو دڕندە ئاسای بەعسییەکان بگرێت، هەروەها خوێنەر هەست بەوەش دەکات کە ئەم کاراکتەرە لە یەک کاتدا بووەتە قوربانی بەعسییەکانی دوژمنیو شیوعییەکانی دۆستی، چونکە لەلایەک (جەمال) بەدەست گومانی هەمیشەیی هاوڕێ شیوعییەکانییەوە کە وەک سیخوڕی بێگانە تەماشای دەکەن، دووچاری ئازارێکی سایکۆلۆژی قوڵ بووەو لەلایەکی تریشەوە ئەو بەردەوام قوربانی دەستی ستەمکارە بەعسییەکانە، هەر بۆیە وەک خۆی لە دوا شەوی ڕۆمانەکەدا دانی پێدا ناوە کارەکەی ئەمڕۆی (ڕاوکردنی گورگەکان) هیچ نییە جگە لە داپۆشینی کارەکانی ڕابردووی.